

# گەمەی منداڵان

**هۆشەنگ**

منداڵە جوانەکانمان، بەهۆی گەمەکردنەوە ئەتوانن تەعبیر لە هزر و توانا و شارەزایی خۆیان بکەن، دونیای منداڵ.. دونیای گەمە و یاریکردنە، گەمەی منداڵانیش، تەنیا کات بەسەربردن نیە، بەڵکو رێگەیەکە بۆ فێربوون و گەشەکردن.

گەمەکردنی منداڵان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشەی منداڵ، بۆیە پێویستە منداڵان فێرە گەمەکردن بکرێن، هەروەها منداڵ لە کاتی گەمەکردندا ئەتوانێت تەعبیر لە هەست و سۆزی دەروونی خۆشی بکات و رادەی زیرەکی و گەشەکردنی عەقڵی خۆیشمان پیشان بدات.

بۆیە چەند شتێک لەگەمەکردندا گرنگن لێرەدا کورتییان ئەکەینەوە:

- گرنگە گەمەکان بەشتەکانی دەوروبەر ببەستینەوە، چونکە منداڵان هەمیشە گەمە بە شتەکانی دەوروبەرییان ئەکەن.
- گرنگە سەرنجی منداڵان بۆ بابەتی گرنگ راکێشین وەک گەمەکردن و کارکردن بە وێنە و رەسمکردن و مۆسیقا و گۆرانی و شانۆ.
- گرنگە جێگەی گەمەکردن و کاتی گەمەکردن بۆ منداڵان گونجاوبن.
- گرنگە کەرەستەکانی گەمەکردن بۆ منداڵان گونجاوبن.
- گرنگە گەورەکان، دایک و باوک بەشداری منداڵان بکەن.
- گرنگە گەمەکان ببنە هۆی پەیوەندی منداڵان و گەورەکان.

## داوای لێبوردن:

خۆشەویستانی کەپر لە ژمارە (٢) دا ...، بەداخەوە چەند هەڵەیەک روویدابوون .. لێرەدا هەم هەڵەکان راست ئەکەینەوە و هەم داوای لێبوردن لە منالە جوانەکان ئەخوازین و گەورەشمان ئەکەن.. ئەگەر منالەکان بەگەورەیی خۆیانەوە بمانبورن!

١- لە لاپەڕە (١٥) دا گۆشەی ناو و پێناسە بەهەڵە هەردوو وێنەی برادەران (ئاسۆ خالید و ئاسۆ ئازاد) لە شوێنی یەکدی دانرابوون.

٢- لە گۆشەی ناودارێکی جیهانیدا پیتی (ە) چووبووە سەرناوی (پاڤلۆڤ) هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا و شەی (منداڵە) ببووە (منداڵ) لەدێری (١٨) دا.

٣- لە گۆشەی ئەو شتە چیە؟ وەڵامی ژمارەی پێشوو کە (قەڵەم) بوو، وشەی قەڵەم پەڕیبوو!

٤- لە لاپەڕە (١٨)دا، لە گۆشەی ئەوە کێیە بەهەڵە نووسراوە (باوکی مانگایە.. دایکی چێڵە) ئەبوایە بەم شێوە بووایە (باوکی گایە .. دایکی مانگایە).

٥- هەروەها لە گوڵاڵەکانی کەپردا وێنەی سێیەم لە ریزی سێیەمدا هی (خەرمان کاوانی) بوو بەهەڵە نووسرابوو (هەرمان کاوانی).

هەروەها لە چیرۆکی (کچی ئاقڵی پاشا)دا، یەک دوو هەڵەی چاپ هەبوون.

دیسان داوای لێبوردن ئەکەین و هەوڵ ئەدەین لە ژمارەکانی دی هەڵەی وا دووبارە نەکەینەوە!